www.kurdistannet.org
08.05.2005 18:34 بەكاتي ناوەندي ئەوروثا

# سەرکۆمارنامە

2

حەمەسەعید حەسەن

لە ئایاری ساڵی ٢٠٠٢دا لە ڕاپرسییەکدا بۆ دیاریکردنی دە شاکاری ئەدەبی، بە درێژایی ئەو مێژووەی دەکەوێتە نێوان (هۆمیرۆس و تۆلستۆی)ەوە، کە گەورەنووسەرانی وەک میلان کوندیرا، کارلۆس فۆینتس، نادین گۆردیمێر و سەلمان ڕوشدی بەشدارییان تێدا کردبوو، دۆنکیخۆتە، ساتیرەڕۆمانەکەی سێرڤانتیس، لە شاکارەکانی شەکسپیریش دەنگی زێتری هێنا. لە ناوەڕاستی ئەپریلی ٢٠٠٥دا سەرکۆماری ڤێنزیوێللا بڕیاری دا، یەک میلیۆن لە دۆنکیخۆتەی سێرڤانتس کە لە ١٦٦٥دا بۆ یەکەم جار بلاو کراوەتەوە، چاپ بکرێت و بە خۆڕایی ببەخشرێتەوە. شیاوی گوتنە ٢٣ی ئەپریل کە ڕۆژی کتێبە، ڕۆژی کۆچی دوایی سێرڤانتێسە. ئەم ڕاوەڕێوییەم بۆیە هێنایەوە کە بڵێم: ئەدەبی گاڵتەجاڕی بالاترین جۆری ئەدەبە و ئەگەر کەسانی هیچ لە باردا نەبوو، خۆیان لەو بوارەدا تاقی بکەنەوە، ئەوا لەبری ئەوەی ئەدەبی گاڵتەجاڕی بنووسن، خۆیان دەبن بە مایەی گاڵتەجاڕی.

*

چونکە سەرۆکی کۆماری عێراق لە غەریبییە، بۆیە لەم ئەڵقەیەدا باسی سەرۆکی هەرێمی (کوردستانی عێراق!) دەکەم کە پارتی و یەکیەتی هێشتا لەسەری ڕێک نەکەوتوون. پارتی دەیەوێت: (هاووڵاتییانی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە زۆربەی ساکاری دەنگ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرن،) وەلێ یەکیەتی دەخوازێت: (پەرلەمانی کوردستان بە لە سەدا ٦٦ی دەنگ، سەرۆک و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیاری بکات.) لە بواری هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا، ئەمە گەوهەری ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنەیە و هەموو جیاوازییەکانی دیکە، شتی لاوەکین.

یەکیەتی بۆیە مەرجی لە سەدا شەست و شەشی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی هەیە، چونکە دەزانێت بە پارتی و بە هەموو ئەو لایەنانەشی کە ئەگەری ئەوە هەیە دەنگی خۆیان بە نوێنەری پارتی بدەن، ژمارەی دەنگەکانیان ناگاتە لە سەدا شەست و شەش. کەواتە بە مەرجی ڕێژەی لە سەدا شەست و شەشەوە، نوێنەری پارتی، بەبێ کۆمەکی یەکیەتی، ناتوانێت ببێتە سەرۆکی هەرێم. یەکیەتی دەزانێت ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی پەرلەمانتاران بێت، واتا بە زۆرینەی لە سەدا پەنجا و یەک، یان دروستتر بە دەنگی ٥٦ کەس لە ١١١ پەرلەمانتارەکە بێت، ئەوا نوێنەری پارتی بەبێ ئەوەی پێویستی بە کۆمەکی یەکیەتی هەبێت، دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

هەر لەم لێکدانەوەیەوە ئەگەر هاوولاتییانی کوردستان ڕاستەخۆ سەرۆکی هەرێم هەڵببژێرن، ئەوا نوێنەری پارتی، ئیدی مەسعوود بارزانی بێت، یان هەر کەسێکی دیکە، بە ئاسانی زۆرینەی ساکاری دەنگی هاوولاتییانی کوردستان مسۆگەر دەکات. یەکیەتی دەرکی بەم ڕاستییە کوشندەیە کردووە، بۆیە پێ لەسەر ڕێژەی لە سەدا شەست و شەشی دەنگ، ئیدی هی پەرلەمان، یان هی خەڵکی کوردستان بێت، دادەگرێت. بە چاوپۆشین لەوەی لە ئایندەدا کێ بە پۆستی سەرۆکی هەرێم شاد دەبێت؟ داهاتووی پارتی گەشترە یان هی یەکیەتی؟ ئەگەر بڕوامان بە دیموکراسی پتەو بێت، پێویستە ئەوە بە مافی ڕەوا و بێ چەندوچوونی هاوولاتییانی کوردستان بزانین کە ڕاستەخۆ، بە زۆرینەی ساکار، سەرۆکی خۆیان هەڵببژێرن، ئەگەر نا لە تەوێڵمان نووسراوە، تا داهاتوویەکی دوور، هەر بە دەست دەردی فیفتی فیفتییەوە بناڵێنین.

لە سوێد چونکە دیموکراسی هەیە، سۆسیال دیموکراتەکان ئەگەر چی لە پاییزی ١٩٩٠دا دەنگیان لە هەموو حیزبەکانی دیکە زێتر هێنابوو، وەلێ حیزبە بۆرژوواکان، لە دژی وان یەکیان گرت، زۆرینەیەکی ساکاریان پێک هێنا، دەسەڵاتیان گرتە دەست و حیزبی گەورەیان ناچار کرد، چوار ساڵی ڕەبەق ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن وازی بکات. پارتی بەوەی ساڵی ١٩٩٢ کە لە سەدا پەنجا و یەکی دەنگی خەڵکی کوردستانی هێنا و لەبری ئەوەی بە تەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست، هات سازشی کرد و دەسەڵاتی لەگەڵ یەکیەتیدا دابەش کرد، هەڵەیەکی مێژوویی کرد و هێشتا خەڵکی کوردستان باجی ئەو هەڵەیە دەدەن. پارتی بەو هەوڵەی، ویستی خۆی لە شەڕی نێوخۆ لا بدات، کەچی لە ئەنجامی ئەو هەڵەیەوە، بە دژوارترین شێوە تووشی هات.

2005. 05. 08